# دوكەڵی ئەم ئاگرە شەڕێكی گەورە تر دەقەومێنێ

**حوسێن ئیسماعیل خان دەلۆ**
husin966@yahoo.com

مەبەست لەو تایتڵ و ئەدرەس و ناونیشانەی سەرەوە بۆ نوقلانە و تەپڵ لێدان نییە بۆ شەڕ بەڵكو سونەتی ژیانە مرۆڤ پێشبینییەكانی خۆی لەراڤە و شرۆڤەی روودا و كارەساتە واقیعەكاندا بەرجەستە بكات و بیانخاتە روو ، ئەگینا من وەكو تاكێكی ئەم كۆمەلگایە و لایەنە مرۆڤانەكەم پێم دەلێت نەك خوازیاری هیچ شەڕێك لە سەر گۆی ئەم زەویە نیم بەڵكو دەخوازم شەڕە كەڵ شێر ( كەڵە باب ) یش ئەگەر هۆگران و تەماشاكەرانی ئەو جۆرە جەنگە لێم زویر نەبن لەم كیشوەرە روو نەدات و مرۆڤ و هەموو بونەوەرەكانی دیكەی گێتی بە ئاشتی و ئاسودەی ژیان بگوزرێنن .

لەم یەك دوو شەوەی رابردوودا پاش نیوە شەو زەنگی تەلەفونكە بە ئاگای هێنامەوە كاتێك گوێبیستی دەنگ و قسەی بووم بۆم روون بووەوە كە برادەرێكی خۆمە لە یەكێك لە گوندەكانی دەوروبەری (خانەقین )ە وە تەلەفون دەكات و پاش هەواڵپرسین و چاك و چۆنی باسی لەوە كرد كە ئێستا لە سەنگەردایە و ئێشك دەگرن نەوەك تیرۆرستەكان هەڵبكوتنە سەریان و نامەردانە بێكەس كوژ و كۆ كوژیان بكەن .

هەقیانە ئاوا بیر بكەنەوە و حەزەر وەربگرن و لە ئامادە باشیدا بن چونكە دوێنێ كارەساتە و مەرگەساتە دڵتەزینەكانی خانەقین وخورماتوو و جەلەولا و مەندەلی و شارەبان و پێری گوندی قەرەلوسی نزیك مەندەلیان تازیەبار و ماتەمبار و رەش پۆش كرد و جۆگەلەی خوێنیان تێدا بەرێ خست ، تەنها گوناه و تاوانیان ئەو بوو كوردن و نەتەوەی خۆیان خۆش دەوێت و ملیان بە مەرامە گلاوەكانی تیرۆرستان نەدەدا.

زۆربەی تاكەكانی كۆمەڵگای كوردی زۆر جار لەگشت كات و سەردەمەكاندا تاكو ئەم چركە ساتانە كە بەڕیزتان ئەم ووتارە دەخوێننەوە باجی كورد بوونیان داوە هەر لە رووشاندنی كەرامەت و سوكایەتیەوە تاكو دەگاتە شەلاڵ بوون لە خوێنی خۆیاندا ، راستیەك هەیە كە هەموومان دەیزانین ئەویش گشتمان بەبێ ویست و خواستی خۆمان لەكوێدا و لە چ زەمەن و سەردەمێكدا لە دایك بووین ؟و بەبێ ویست و خواستی خۆمان سەر بەكام نەتەوە و ئاین و ئاینزایەكین و بەبێ ویست و خواستی خۆمان رەنگی چاومان و رەنگی پێستمان و.... هتد چۆنە و چۆن نییە ئەمە دەسەلاتی ئێمەی تێدا نییە ، مام هەژاری شاعیر و هۆزانڤان شانازی بە كورد بوونی خۆیەوە دەكات بۆیە دەلێت : (سوپاس بۆ خوا كە بە كوردی دروست كردم ) زۆر كەس هەن ئەو شانازیە دەكەن و هەقی خۆیانە چونكە یەكەم دەسپێك و ئینیما بوونمان بۆ ژیان و بۆ مرۆڤایەتی لەو چركە وەختانەوە دەستی پێكردووە ، بەلاَم چی لەگەڵ ئەوانە دەڵێیت كە هیچ مانایەك لە ژیان تێناگەن و جوانیەكان نابینن و جالجالۆكە ئاسا داو و تەونی خۆیان دەتەن بۆ پێشێل كردنی ماف و كەرامەتی مرۆڤ .

شەڕی كورد و عەرەب هەرگیز بەبیری پێشمەرگە و سیاسیەكانی كورددا نەهاتووە بەڵكو ئەگەر ناچاریش كرابێت شەڕی رژێمی داگیر كەری كردووە و چەندین جاریش چوەتە سەر خوانی دانوسان و گفتوگۆ، هاوكات تاكەكانی كۆمەلگای كوردی خۆی لە قەرەی ئەو جۆرە شەڕانە نەداوە و ئەگەر لە دەرفەت و هەلێكدا و لە چۆڵەوانیەكدا برایەكی عەربی چاو رەشی دیبێت هەلی نەكوتاوەتەی سەری بەو سۆنگەی ئەو عەرەبە و ئەمیش كوردە بە پێچەوانەوە رێز و حورمەتی گرتووە و تەنانەت هەولی داوە بە زمانی ئەو بدوێت ئەگەرچی لە كوردستانیشدا بووە و عەرەبشی بە باشی نەزانیووە ، هۆكارگەلێك هەبووە بۆ ئەو هەڵوێست و مامەڵە كردنەی تاكی كوردی لەگەڵ بەرامبەردا .

جیگای ئەسەف و مەخابنە كە بەشێك لە تاكەكانی نەتەوەی بەرامبەر كە( عەرەب )ە وا بیر ناكەنەوە و تێنافكرن بەڵكو بە پێچەوانەوە لە هەركوێدا دەرفەتیان بۆ لوا بێت تەنها لەبەر ئەوەی ناسنامەكەمان كوردە و زمانەكەمان كوردیە و ناوەكەمان كوردیە و پۆشاك و جل و بەرگەكەمان كوردیە پلار و گوڵلەی خۆیان هاویشتووە و كۆمەڵ گەلێكیان لێ بێسەر و شەهید

کردووین ، دوێنی شۆڤێنیەکان و دەسەڵاتدارانی بەعس و ئەمڕۆ تیرۆرستان ئاوا رەفتار دەکەن .

ئەو ناوچانەی کە ئەم کارەساتانەی تێدا روو دەدەن لە ژێر رکێف و قەڵامڕەوی دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندیدایە دەبێت ئەوان بە پلەی یەکەم مەشوری ئەو دۆخە ناهموار و نائارامە بخۆن چونکە ئەمە زەنگێکە بۆ شەڕی نێوان نەتەوەکان ئەگەر ئەوان دەربەستی سەقامگیری ئاشتی و بەرجەستە بوونی برایەتی دێن دەبێت رێگر بن لە بەردەم روودانی ئەو جۆرە دیاردانە ، هاوکات حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویست زیاتر خەمی ئەو ناوچە کوردیانە بخوات بۆ ئەوەی جارێکی دیکە گوندنشینەکانی ئەو ناوچەیە سەرلەنوێ ئاوارە نەبنەوە و چۆڵی بکەن و ئەوانیش بە هەوەس و کامی دڵی خۆیان تەراتێنیان تێدا بکەن.